www.kurdistannet.org
24-8-02 00:04:42

# راگەیاندنی کۆمیتەی رابەری ریکخراوی کوردستانی حککع سەبارەت بە قسەکانی وەزیری بەرگری تورکیا دەربارەی کوردستانی عیراق.

وەزیری بەرگری تورکیا لە راگەیاندنیکدا بۆ کەنالەکانی راگەیاندنی وولاتەکەی ئەوەی راگەیاندوە کە کوردستانی عیراق ئەمانەتیکە لەدەستی تورکیاداو بەپێی بریاری سالی ١٩٢٠ ی پەرلەمان، ئەم ناوچەیە بەشیکە لە تورکیا و هیزە نیشتمانیەکانی تورکیا ئامادەنین دەستبەرداری ببن بۆ هەر لایەنیك کە چاوی تی بریوە!

حکومەتی تورکیا ماوەیەکە بە رۆشنی و بە ئاشکرا دژایەتیکردنی خۆی بۆ هەر هەولیکی خەلکی کوردستانی عیراق بۆبریاردران لەسەر چارەنوسی خۆیان و دامەزراندنی دەولەتیکی سەربەخۆ لە کوردستانی عیراق دەربریوەو، بە عەمەلیش کەوتۆتە خۆ ئامادەکردنو پیلانگیران دژی خەلکی کوردستان. دەولەتی تورکیا کە دەولەتیکی ناسیۆنالیستی رەزگەزپەرستو فاشیستی مەزنخوازی تورکیایە دەیان سالە سەرەتایی ترین مافی مەدەنی خەلکی کورد زمانی دانیشتوی تورکیا بە ئاگرو ئاسن سەرکوت دەکات، ستەمیکی دڕندانەی نەتەوەیی بەسەردا سەپاندونو، خواستو داواکاری ئەم خەلکەش بۆ رزگاربوون لە ستەمی میللی بە وەحشیانەترین شیوە سەرکوتو خەلتانی خوین دەکات. پیناسەی سیاسی ئەم رژیمە وەکو رژیمیکی نەتەوەپەرستو فاشیست بۆ هیچ کەسیك شاراوە نییەو، دەستەیەك جەنرالی سوپاو دەزگای پۆلیسی نهینی دەسەلاتی ئەم وولاتە بەریوە دەبەن. تەنانەت دۆستەکانی ئەم رژیمە لە ناو یەکیتی ئەوروپادا شەرم دەیانگریٚ کە بەشداری بکەن لە بازاری هاوبەشی ئابوری خۆیاندا، بەهۆی کارنامەی تاریكو رەشی لەبواری پیٚشیلکردنی مافەکانی ئینسانو سەرکوتی قەومی خەلکی کوردستانی تورکیادا، کە بریار بوو بە قبولکردنی مافی رۆشنبیری بۆ کوردەکان و هەلگرتنی سزای سیدارە، لە لایەن پەرلەمانی ئەم وولاتەوە لەماوەی رابردوودا ئەو نیگەرانییەی ئەوروپا نەهیلیٚ!

بەلاّم شۆڤینیزمی مەزنخوازی تورکی ئەمجارەیان نەك کوردەکانی تورکیا سەرکوت دەکات، بەلکو هەرەشەی لکاندنەوەی کوردستانی عیراق بە "تورکیای عوسمانی" و سەپاندنی دەسەلاّتی شۆڤینیزمی تورکی و دەسەلاّتی جەنرالەکانی سوپای تورك لە جیاتی شۆڤینیزمی عەرەبیو دەسەلاّتی سوپای بەعس لەخەلکی کوردستان دەکات! ئەم رژیمە نەتەوەپەرستەی دۆستی ئەمریکای" پاریٚزەرو فریادرەس"ی کورد مەترسی ئەوەی لیٚ نیشتوە کە بارودۆخی سیاسی تازەی کوردستانیعیراق بە ئاقاری جیابوونەوەو دامەزراندنی دەولەتیسەربەخۆدا برِوات، ئەمەش بۆ سبەینیٚی دەسەلاّتە لەرزۆکە رەگەزپەرستەکەی مەترسی دروست دەکات، چونکە تەمایولی جیایی خوازی لەناو "تورکە شاخاوی"یەکاندا دەباتە سەرو مەزنخوازی تورکی لیٚی کەل دەبیت! بۆیە لە ئیستاوە هیزی پۆستالّو تانكو فرۆکە نیشانی خەلکی کوردستانی عیراق دەدات.

ئەم راگەیاندنەی وەزیری تورکیا لە لایەن خەلکی کوردستانەوە رەتکراوەیەوەو پیشیلکردنی ئاشکرای ئیرادەی سیاسی ئەم خەلکەو هەروەها پیشیلکردنی ئاشکرای بنەما نیودەولەتیەکانە کە ریکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان بە رەسمیی ناسیوە. دەولەتی تورکیا مافی ئەوەی نییە ببیتە وەسیەتکار بەسەر خەلکی کوردستانی عیراقەوە، دەبیٚ ئەم هەرەشانەی دژی خەلکی کوردستان لەلایەن رای گشتی لەناوخۆی کوردستانو رای گشتیی ئازادیخوازیی دنیاوە ئیدانەو ریسوا بکریت. ئیمە بانگەوازی هەموو جەماوەری ئازادیخوازو رای گشتی دەکەین لە ناوخۆو دەرەوەی کوردستان کە بە ناردنی نارەزایەتی نامە بۆ حکومەتی تورکیاو بە شیوازی دیکەی گونجاوی خۆیان ئەم سیاسەتەو ئەم راگەیاندنەی وەزیری بەرگرییەکەی ئیدانە بکەنو، فشار بۆ ئەم دەولەتە بینن کە ریٚز لە ئیرادەی سەربەخۆی خەلکی کوردستانی عیراق بگریٚو خۆی لە کاروباری ئەو خەلّکەدا هەلنەقورتینیٚ!

**مەرگ بۆ رەگەزپەرستیو شۆڤینیزمی قەومی!**

**بژی دەولەتی سەربەخۆ لە کوردستانی عیراق!**

**کۆمیتەی رابەری ریکخراوی کوردستانی**

**حیزبی کۆمۆنیستی کریکاریی عیراق**

**٢٢ی ئابی ٢٠٠٢**